# شاندێکی حزبی رزگاری سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکات



کاتژمێر11.30ی رۆژی 6-2-2010 شاندێکی سەرکردایەتی حزبی رزگاریی کوردستان کە پێکهاتبوو لە بەرێزان رێکار ئەحمەد، سکرتێری گشتی، ئاری حوسێن، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندیەکان، مامۆستا محەمەدو کارزان شێخ محەمەد جێگرانی کۆمیتەی ناوەندی، کارۆخ عوسمان ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت و جیهاد عەولا بەرپرسی کۆمیتەی پارێزگای هەولێر سەردانی بارەگای دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن بەرێزان کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتی، کاک تەیموری مستەفایی ئەندامی دەفتەری سیاسی، ئەحمەد رەحیمی و تاهیری مەحمودی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و عیزەت حوسێنی ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی بە گەرمیەوە پێشوازیان لێکرا، سەرەتا شاندی رزگاری بەهۆی ئەوەی کە دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی پەیامیان بۆ سێهەمین کۆنگرە ناردبوو زۆر سوپاسی کردن و شانازی بە پێوەندی هەردوولاکرد، دواتر ئاکامەکانی سێهەمین کۆنگرەی پێگەیاندو جەختی لەسەر پتەووکردن و بەهێزکردنی پێوەندی نێوان حزبی رزگاری و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردەوە.

دواتر بەرێز کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جارێکی دیکەش بەبۆنەی سەرکەوتنی کارەکانی سێهەمین کۆنگرەوە پیرۆزبایی لە حزبی رزگاریی کوردستان کردو دووپاتی کردەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێوەندی باشی لەگەڵ حزبی رزگاریی کوردستان هەبووەو لە داهاتووشدا بەهەمان شێوە بەردەوام دەبێ و گەشەی زیاتری پێدەدات .

لەتەوەرێکی دیکەی دیدارەکەدا باس لە رەوشی هەنووکەیی کوردستان و ناوچەکە کرا، هەردوولا هیواخوازبوون کە کوردستانیان یەکدەنگ و لێبڕاوانە داکۆکی و پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی باشووری کوردستاندا بکەن.

# سکرتێری حزب پێشوازی لە شاندێکی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان



کاتژمێر11.30ی رۆژی 7-2-2010 شاندێکی سەرکردایەتی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان کە پێکهاتبوو لە بەرێزان مام خدر روسی سکرتێری گشتی، خەلیل مەحمود، قەهار محەمەد و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، نەهرۆ جەلال ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی رزگاریی کوردستانیان لە شاری هەولێر کرد و لە لایەن بەرێزان هەڤاڵ رێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی و ئاری حوسێن ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندیەکان بە گەرمیەوە پێشوازیان لێکرا. ئەوسا لە دیدارێکی برایانەدا باس لە رەوشی هەنووکەیی کوردستان و ناوچەکە کرا،هەروەها سەبارەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق کە رۆژی 7ی ئازاری ئەمساڵ بەرێوە دەچێ بیرورایان ئاڵوگۆڕ کردو هەردوولا هاوڕامان بوون کە دەبێ خەڵکی کوردستان بە پەرۆشەوە بەشداری لە دەنگداندا بکەن و کاندیدی دڵخوازی خۆیان هەڵبژێرن.

لەتەوەرێکی دیکەدا باس لە پەیوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بە تایبەتیش پەیوەندی نێوان لایەنە چەپەکان کرا و هیواخوازبوون کە گورو تینێکی دیکە بە پەیوەندی نێوانیان بدرێتەوە

# لە رێورەسمێکدا یادی شەهیدانی مەرگەساتی 1ی شوبات دەکرێتەوە

کاتژمێر 10ی رۆژی 1-2-2010 وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی شەشەمین ساڵیادی مەرگەساتی 1ی شوبات مەراسیمێکی رێزلێنان و یادکردنەوەی شەهیدانی 1ی شوبات لە پارکی شەهید سامی عەبدولرەحمان لە شاری هەولێر بەرێوەبرد، کە سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرانی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان تێیدا ئامادەبوون، سەرەتا خولەکێک بێدەنگی راگەیەندرا، دواتر رێورەسمی یادکردنەوەی شەهیدان بەرێوەچوو، سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم و کوردستان و لایەنە سیاسیەکان و بنەماڵەی شەهیدان تاجەگوڵینەی وەفادارییان لەسەر مۆنۆمێتی شەهیدانی 1ی شوبات دانا.

جێی ئاماژەیە کە هەڤاڵ رێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی حزب بە یاوەری هەڤاڵ ئاری حوسێن ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندیەکان بەشداری لە رێورەسمەکەدا کردو پەیامی هاوخەمی حزبی رزگاریی کوردستانیان بە لیژنەی سەرپەرشتی یادی مەرگەساتی 1ی شوبات گەیاند.

# حزبی رزگاری ساڵیادی پارتی نیشتمانی کوردستان پیرۆز دەکات

کاتژمێر 11ی رۆژی 1-2-2010 هەڤاڵ رێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی حزب بە یاوەری هەڤاڵ ئاری حوسێن ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندیەکان سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی نیشتمانی کوردستانی کردو لەلایەن سکرتێرو ئەندامانی سەرکردایەتیەوە بەگەرمیەوە پێشوازیان لێکرا، ئەوسا لەپێوەند بە پازدەهەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی نیشتمانی کوردستان بەناوی حزبی رزگاریی کوردستانەوە پیرۆزبایی لێکردن و هیوای سەرکەوتن و سەرفرازی بۆ خواستن. هەر بەو بۆنەیەوە مەکتەبی سیاسی حزبی رزگاریی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی بۆ سکرتێرو سەرکردایەتی پارتی نیشتمانی کوردستان رەوانە کرد و هیوای سەرفرازی بۆ خواستن.

# لقی کوردستانی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراق کۆدەبێتەوە

ئێوارەی رۆژی هەینی رێکەوتی 12ی شوبات، لقی کوردستانی، فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراق، لەهۆڵی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی شاری سلێمانی لەگەڵ ژمارەیەک لە دیپۆرتکراوەکان کۆبۆوە.

دەشتی جەمال، سکرتێری فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی رایگەیاند؛ پێویستە چیتر حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا نەکات کە کوردان دیپۆرت دەکەنەوە، پێسویتە چیتر بۆ ناردنەوەی کوردە پەنابەرەکان زانیاری بە وڵاتانی ئەوروپا نەدات.

دەشتی جەمال هیوای خواست کە هەردوو فرگەی سلێمانیو هەولێر پەنابەران وەرنەگرنەوەو بۆ ئەو شوێنانەیان بنێرنەوە لە لێیانەوە دیپۆرت کراونەتەوە. هەروەها ئاشکرای کرد کە فیدراسیۆنەکەیان لەگەڵ پەرلەمانو حکومەتدا کۆبووەتەوە و لێیخواستوون کە رێ لە وەرگرتنەوەی دیپۆرتکراوەکان بگرن، بەڵام تا ئێستا هیچ وەڵامێکی دڵخۆشکەر بۆ ئەو کوردانەی کە هەڕەشەی ناردنەوەیان لەسەرە نیە.

دەشتی جەمال رایگەیاند لە دوای پێکهێنانی شەشەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ئێستا 250 کەس دیپۆرتکراونەتەوە.

جێی ئاماژەیە کە حکومەتی هەرێم نیگەرانی خۆی لە دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران نەشاردۆتەوەو راشیگەیاندوە کە بۆ ناردنەوەی پەنابەران هیچ رێککەوتنێکی لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپادا نیە.

# سەرتاشی سەدام ئێستا سەوزە دەفرۆشێ

سەرتاشەکەی سەدام حوسێن، سەرۆکی رژێمی پێشوو ئێستا سایەق ماتۆرە و لەسەر رێگەی نێوان بەغدا و بابلدا بەروبوومی کشتوکاڵی دەفرۆشێ.

لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی 'مەدا'ی چاپی عێراق، سەرتاشەکەی سەدام حسێن ئاشکرایکردوە کە بەهۆی یەکێک لە کەسە نزیکەکانیەوە بۆتە سەرتاشی سەدام و بە فەرمانێکی کۆماریی پلەی مولازمی یەکەمی پێدراوە،دواتریش تا پلەی عەقید بەرزبۆتەوە. هەرچەندە کە رۆژنامەکە ناوی راستینی ئەو سەرتاشەی ئاشکرا نەکردوە، بەڵام سەرتاشەکە باسی لەچۆنێتی دەستبەکاربوونی خۆی کردووە، گوتویەتی؛ لەکاتی تاقیکردنەوەدا میزڵدانێکی سابووناوی و گوێزانێکی تیژیان داوەمە دەست و داوایان لێکردم بێ ئەوەی میزەڵدانەکە بتەقێنێ، دەبێ سابوونەکە لە میزەڵدانەکە بکرێتەوە. وەک خۆی گوتویەتی کە ئەویش لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بووە، بەوهۆیەوە کراوەتە سەرتاشی تایبەتی سەرکۆماری رژێمی پێشوو.

بەگوێرەی رۆژنامەکە، ئەو سەرتاشەکەی سەدام سەرسورمانی خۆی دەربریوە لەوەی کە ئەنیس دغێدی، نووسەری کتێبی ژیانی نهێنی سەدام حسێن ناوی ئەوی لە کتێبەکەدا هێناوە، بەڵام سەرتاشەکە جەختی کردۆتەوە کە هەرگیز نووسەری ئەو کتێبەی نەبینیوە و رۆژێک لە رۆژانیش لەو بارەیەوە پرسیاری لێنەکراوە.

**سەرچاوە: رۆژنامەی مەدا**

# حکومەتی ئیتالیا نەخۆشخانەیەکی تایبەت لە شاری هەڵەبجە دروست دەکا

رۆژی پێنج شەممە، رێکەوتی 2010-2-11 وەفدێکی ئەنجومەنی شارەوانی هەرێمی فلۆرەنسای ئیتاڵیا سەردانی شاری هەڵەبجەی هەمیشە زیندوی کرد. دواتر خدر کەریم سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە لەلێدوانێکدا راگەیاند کە وەفدەکە هاتون بۆ ئەوەی لەنزیکەوە ئاگاداربن و پرۆژەی نەخۆشخانە تایبەتیەکە بچێتە واری جێبەجێ کردنەوە.

لەمانگی هەشتی ساڵی رابردوو سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە سەردانی وڵاتی ئیتاڵیای کردو لەگەڵ وەزیری تەندروستی ئەو وڵاتەدا کۆبویەوە، لەوێ پێشنیاری کرد تا نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە چارەسەرکردنی چەکی کیمیاوی لە شاری هەڵەبجەدا دروست بکرێ.

سەرۆکی شارەوانی جەختی کردوە کە نەخۆشخانەیەکی هاوشێوە لە ناوچەی پشدەر دروست دەکرێ، هەروەها دەست بە دروست کردنی سێ نەخۆشخانەی دیکە لەشاری سلێمانی کراوە.

سەرۆکی شارەوانی ئاشکرای کردوە کە حکومەتی ئیتاڵیا خۆی سەرپەرشتی نەخۆشخانەکە دەکات. هەروەها بودجەی سەرجەم ئەو پرۆژانە، جگە لە نەخۆشخانەی هەڵەبجە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دابین دەکرێ.

جێی ئاماژەیە کە کابینەی شەشەم دەیەوێ هاوکاری بەرچاو لە پەرەپێدانی پرۆژەکاندا بکات و شوێن پەنجەی خۆی پێشان بدات.

# هەڕەشەی داخستن لە سێ کەناڵی ئاسمانی کوردی دەکرێ

سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کرد کە دەوڵەتی تورکیاو کۆماری ئیسلامی ئێران بەمەبەستی داخستنی هەر سێ کەناڵی ئاسمانی رۆژ تی ڤی، میزۆپۆتامیاو نەورۆز رێکەوتوون تا هاوکاری یەکتر بکەن و گوشار لە سەر دەوڵەتانی ئەوروپا دابنێن.

هەر سێ کەناڵە ئاسمانیەکە بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستانن و گیانی توندوتیژی پەرە پێدەدەن و مەیلی جیاخوازی لە دەروونی کورددا دەچێنن! بەوهۆیەوە ئەنکاراو تاران رێککەوتوون تا لەو بوارەدا توناکانی خۆیان وەگەڕ بخەن و رێ لە پەخشی ئەو کەناڵانە بگرن.

هەرچەندە باس لەوە دەکرێ کە کۆماری ئیسلامی ئێران پارازیتی خۆستۆتە سەر کەناڵەکانی تیشک و ئاسۆسات و رۆژهەڵات و هەوڵ دەدات کوردستانیان نەتوانن بە ئاسانی بەرنامەکانیان تەماشا بکەن، بەڵام ئێستا دەیەوێ بەکردەوە رێ لە پەخشی ئەو کەناڵانەدا بگرێ کە گوایە هەڕەشە لە هێمنایەتی و ئاسایشێ وڵاتەکەی دەکەن!

جێی ئاماژەیە کە زۆربەی ئەو کەناڵانە لە وڵاتانی ئەوروپادا مۆڵەتی پەخشیان وەرگرتوەو لە چوارچێوەی یاسای رۆژنامەوانی ئەو وڵاتانەدا کار دەکەن، بەڵام تورکیاو ئێران دەیانەوێ یاسای رۆژنامەوانی خۆیان بەسەر وڵاتانی ئەوروپادا بسەپێنن، کە لە کردەوەدا ئەمە پەسند ناکرێ.